لە ساڵی پەیمانی حودەیبیەدا، ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم- وشترێکمان سەربڕی بۆ حەوت کەس، ومانگایەکیش بۆ حەوت کەس

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «لە ساڵی پەیمانی حودەیبیەدا، ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- وشترێکمان سەربڕی بۆ حەوت کەس، ومانگایەکیش بۆ حەوت کەس».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا جابری کوڕی عبدالله -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی پەیمانی حودەیبیەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- قوربانیەکانیان سەربڕی، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیانکرد حەوت کەس بەشدار بن لە قوربانیکردن بە وشترێک یان مانگایەک؛ بۆیە حەوت کەس بەشدار دەبوون لە قوربانیکردن بە یەک وشتر یان یەک مانگا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64665